پارێزگاری هەولێر: ئەمنیەتی بازاڕی قەیسەری هادەستی ئاسایش و پۆلیس دەکرێت

پارێزگاری هەولێر لەکۆبونەوەیەکدا لەگەڵ ژمارەیەك لە دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕی قەیسەری رایگەیاند، لێکۆڵینەوە لە هەڵکارەکانی ئاگرکەوتنەوکە بەردەوامە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی بە هۆی پابەند نەبونە بوە بە ڕێنماییەکان، یان دەستکی خراپکاری لە پشت بوە و دەشێت، "ئەمنیەتی بازاڕەکە دەدرێتە دەست ئاسایش و پۆلیس".

بەگوڕەی راگەیەندراوکی پارێزگای هەولێر، ئەمڕۆ چوارشەممە ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، بە ئامادەبونی جێگری پارێزگار و قائیمقامی ناوەندی و سەرکی شارەوانی و بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر، لە دیوانی پارێزگا، پێشوازیکرد لەو بەشەك لە دوکاندار و کاسبکارانی بازاڕی قەیسەری.

لەو کۆبونەوەیەکدا پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، "وەك حکومەت و پارێزگای هەولێر، لەو ئاوەڕ زیاتر دێگران و خەمبارین بەو ڕوداوەی لە بازاڕی قەیسەری هەولێر ڕویداوە، چونکە هەولێر واتا (قەڵا، منارە و بازاڕی قەیسەری) حکومەتی هەرێم و پارێزگای هەولێر گرنگییەکی

زۆر بەو سۆنەدەدەن، چونکە ئەو شوێنانە ناسنامەی شارەکەمانن، هەروەها نەک ئەمە بەتەنها بگرە هەمو خەڵکی شاری هەولێر دژگران و خەمبارە بەسوتانی ئەو بازارە".

وتیشی، "لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی ئاگرکەوتنەوکە بەردەوامە بێ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی، کە ئایا بەهۆی کەمتەرخەمی و پابەند نەبونە بوەبە بەڵنمایەکان، یان دەستکی خراپکاری لە پشت بوە، بەمزوانە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بۆ رایگشتیی ئاشکرا دەکرێت و هۆکاری سەرەکی ئاگرکەوتنەوە رادەگەیەنرێت".

ئومێد خۆشناو باسی لەوەشکرد، "وەکو پارێزگای هەولێر، جگە لە لیژنەی لێکۆڵینەوە، لیژنەیەکی تەکنیکی پێکهێناوە بۆ خەمڵاندنی نۆژەنکردنەوەی ئەو دوکان و شوێنانەی کە بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەکەوە زیانیان پێگەیشتوە، لە ئێستاشدا تیمەکانی ژینگەپارێزی دەستیانکردوە بە پاککردنەوە و لێکخستنەوەی سەرتاسەری بازارەکە و کردنەوەی بە ڕوی دوکانداران و هاوڵاتیان، پێویستە ئەوەش هاوکارمانبن بۆ جێبەجێکردنی ڕێنمایەکان و هەڵگرتنی سەرجەم زێدەڕۆیی و سەرپێچییەکانی نێو بازارەکە".

پارێزگاری هەولێر دەشڵت، "بۆ لەمەودوا هەڵواسینی پەردە لە دوکانەکان کە هۆکارێکی سەرەکی ئاگرکەوتنەوە و تەشەنەسەندنی بو بە هەمو شوەیەک قەدەغە دەبێت".

ئاماژەی بۆشکرد "بەڕوەبەرایەتی کارەبامان ڕاسپردوە، ئەو کێشەیە چارەسەربکات و ئەو دوکانانەی کە زیانیان بەرنەکەوتوە خاوەنەکانیان دەتوانن لە ئەمڕوە دوکانەکانیان بکەنەوە و دەستبەکار و کاسبی خۆیان بکەن، بۆ ئەوانی دیکەش دوای پاککردنەوەی شوێنی ڕوداوەکە لیژنەی هونەری پارێزگا، دەست بەخەمڵاندنی چۆنیەتی نۆژەنکردنەوەی دوکانەسوتاوەکان دەکەن".

ئومێد خۆشناو وتی، "ئەو پاسەوانانەی کە بۆ پاراستنی بازاڕی قەیسەری هەولێر دانرابون نامۆنن و لەشوێنی ئەوان، پاراستن و ئەمنییەتی بازارەکە بەئاسایش و پۆلیس دەسپێردرێت".